ئەو بایەخە تازانەی بەزمان دراوون

١ ــ گرنگی زمان :

یەکەم جار کە مندالی تازە لــە دایك دەبێت ، چاوی بە ڕووناکیەك دەکەوێت ، دەبینین هاوار دەکاتو ئەم هاوارەش بەلگەی ژیانو هاتنە دنیای ئەو مندالەیە، هەر کاتێك ئەو مندالە هەستی کرد بە برسێتی یــا تەنگی ئەو جلەی کە لەبەریدایە ، یان دەرزیەك کە لەو بەرۆیانە دراوەو لەشی پێ داپۆشراوە ، ئەوا هاوارەکە دووپات دەبێتەوە . وەپاش تێپەڕ بوونی چەنـــــد حەفتەیەك ، دەبینین ئەو مندالە چەند دەنگێکی لێوە دەردێت ، کەمەرج نیە ئەو دەنگانە بـــەر گـوێی کەوتبێت ، بەلام زیادتر لەوە دەچێت کەئەو مندالە بیەوێت دەنگە ژێکانی رابهێنێت ، تا چەند دەنگێکی پێ دروست بکات کە لەکاتی قسەکردنی تەواوەتیدا ، هەندێکیان دیار نامێنن .

له هەمان کاتیشدا ، دەبەوێت ئەو دەنگانـــە فێربێت کە لە دەورو بەریدا هەنو ووردە ووردە دەتوانێت دەنگە جیاکان کە لە چەنـد کەسێکـــەوە دێنەدەرێ ، وەئەو دەنگانەی کە تەنیا لە یەك کەسەوە دێنەدەرێ جیابکاتەوە ، وەك دەنگی دایکیو بەمەش دەتوانێت دەنگی نـــەرمو بەســۆز لـــە هی توورەو تیژ لەیەکتری جیا بکاتەوەو ، بـۆ هەریەکـــەیان ، بەشێوەیەکی جیاواز ، بەرەو پیریەوە بچێت(١) .

زۆرجار ، بەر لە تێپەڕ بوونی سالی یەکەم، ئەم مندالە ، تاکە تاکە وشە لەدەمیەدە دێتە دەرێ ، وە لە سالی دوو هەمدا ، چەند دەنگێك دەرئەبڕێ کە بریتیە لە موفرەدات یان (رستە) کە نیشاندەری چەند شتێك یان چەند حەزو ئارەزوویەکی ئەومندالەن ، ئەم تاکانەش (مفردات) یان لەخــەلكو کەســـانی دەوروبەری بیستوونی یان بۆیەکەم جار خۆی دەریان ئەبڕێت . بەلام لەگەل بە سەرچوونو تەواو کردنی سالی دووهەمدا ، چەند رستەیەك دەردەبڕێت کــە لە سەرەتاوە لەدوو وشە پێكدێنو دوایی ژمارەیان زیاد دەکات ، ئەمجا ناوی شتو مەك فێردەبێتو لە چەند رستەیەکی بەجێ دەچن . ئەم حالەتە هـــەتا سالی سێهەم دەخایەنێتو بەرە بەرە قسەکانی بەرەو رێكو پێکیو تەواوی دەچێتو لەوزمـــانە نزیـك دەبێتەوە کە دەوروبەرەکەی قسەی پێ دەکەن . بەلام لەسالی چوارهەمدا ، دەتوانێت بە تەواوی ، پێویستیو ئارەزووی خـــۆی بەزمان ، واتە بەقســـە کردن دەربڕێت . دەتوانین بلێین کە منالێ ئاسایی واتـە (ساغ) هەر لە چوار سالیەوە دەبێتە خاوەنی زمانی خۆییو تەنیا ئەوەی لەسـەر دەمێنێت کە خوی رابهێنێت

لەسەر رستەی ئالۆزتر لە جاران ، لەو رستە ئاسانانەوە باز بداتە سەر رستەی کەمێك گرانترو تێکەڵتر ، هەتا دەگاتە قۆناغی لاوی‌و ئەمجا پیری‌و ، وەك هەموو کەسێکی دی ، بە شداری ژیانی گشتی دەکات‌و بە درێژایی ناتوانێت لە زمان بپچڕێت .

وەلەبەر ئەوەی کە هەر لە کاتی لە دایك بوونمانەوە ، پێویستمان بەزمانەو هەموو مرۆڤێکی سەرڕووی زەمین ، بەئاسانی ، بەزمانی نەتەوەکەی خۆی ئەدوی‌و لەسەر ئەوزمانە رادێت ، هەتا وا بهێنێتە پێش چاوی خۆی کە بەشێکە لەنەتەوەکەیی یان گۆڕانێکی ئاسایی ژیانە وەك نووستن‌و خواردن‌و رۆیشتن‌و .. وەلەبەر ئەوەی مرۆڤ ، بێ بیرکردنەوەیەکی زۆر ، لەژیانی رۆژانەیدا ، زمان بەکار دەهێنێت‌و وەك ئەو خەلکە ، کە چۆن بەئاسایی وبەئاسانی بەکاری دەهێنن‌و قسەی پێ دەکەن . ئەمیش هەروەها بەکاری دەهێنێت ، دەبینین زۆر کەم بیر لەزمان دەکاتەوەو ئاوڕ لە بایەخی دەداتەوە ، ئەمە لەلایەك ، لە لایەکی دیکەشەوە دەڵێین مرۆڤ ، وەك بیر لە بەکارهێنانی زمان‌و بایەخەکەی ناکاتەوە بیر لەرادەی ئالۆزی‌و گرانیشی ناکاتەوە .

بەلام سەرەڕای ئەمانەش هەمووی ، وە تەنیا هەلوەستێك‌و تێڕوانینێك بۆئەو ژیانەی ئێمە دەژین ، بە ئاشکرا بۆمان دەردەخات ، وەپتر لە هەموو کاتێکیش ، کە ئێمە لە سەردەمی وشەدا دەژین ، بە دەربڕاوی یان بەنووسراوی ، وەبەبێ زمان ئێمە ناتوانین بە هیچ جۆرێك لە کۆمەڵ دابژین ، ئێمە لە هەموو روویەکی ژیانماندا ، زمان بەکار دێنین ، بۆ دەربڕینی هەست‌و ویستمان ، بۆ جێ بەجێ کردنی پێویستیەکانمان ، بۆ گەیاندنی هەواڵ‌و راگەیاندنی کارێك یان باسێك ، بۆ دانپیانان بەکردن‌و نەکردنی کارێك ، بۆ ئاهەنگ‌و بۆنەی کۆمەلایەتی‌و ئاینی ، بۆ ئەوەی جێگەی کارو رووداو بگرێتەوە ، بۆ رازی کردن‌و هاندان‌و تێزکردن ، بۆ پڕوپاگەلاندە کارکردنە سەر خەلکی ، لە گۆرانی‌و سرودو هۆنراوەو خوتبەدان‌دا ، بۆ رێك خستن‌و مەیسەر کردنی پەیوەندی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەلایەتی ، بۆ دەرخستن‌و دەربڕینی کەلەپووری میللی‌و وەبۆ هەوڵدان لەپێناوی چاك کردن‌و بەرەو پێش خستنی کۆمەڵ یان تێکدانی کۆمەڵدا ، لەم هەموو بوارەدا ئێمە زمان بەکار دەهێنین ، سەرەڕای ئەوەی کە بەشێوەی نووسین - لە نووسینەوەی چەك‌و وەسیقەو پەیمان نامەو ئەدەب‌و زانست‌و هونەرو ئاین‌و یاسادا ، بەکاری دەهێنین‌و بەو شێوەیە ، ئەو کەلەپوورو وەسیقانەی لەفەوتاندن ، پێ ئەپارێزین‌و نەوە بەنەوە ، شتی زیادەی دەچێتە سەرو شارستانی ناو خۆو جیهانی پێ دروست دەکرێت .

هەر لەو کاتەوە کە مرۆڤ پەیدابووە . وەلەهەموو کات‌و شوێنێکدا وشە ، کارو بایەخی خۆی هەر بووەو ، پێشینان جۆرەها رێگای نوێیان داهێناوە بۆ پاراستنی ئەو شتانەی کە ویستوویانە بۆ نەوەی نوێ، یان جیهانێکی تر ، بیپارێزن ، بەو شێوە دەبینین (نووسین) هاتە کایەوە کەبەرهەمی داهێنانی ئەوانەی پێش ئێمەبەو ئەمجا ئامێرو ئامرازی نووسین‌و کەرەسەی جیاوازیش ، وردە وردە دروست بوون وەك پێویستی (نووسین) ، و بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان، بەکاریان دەهێنان ، کەلەوانە هەندێك لەو کەلەپوورە بەدەست ئێمە گەیشتووەو گرنگترینیشیان ، کەدەماو دەم یان بەنووسراوی پێمان گەیشتوە ، ئەو دەستوورە بەنرخ‌و بەرزانەیە کە ئاینەکان بۆیان دیاری کردووین .

بەلام هەتا لە سەدەی پازدەهەمدا — وەلە ئەورووپادا (چاپ) دانەهێنرا ، بایەخی زمان بەتەواوی دەرنەکەوتبوو . بێ‌گومان ، چاپیش رۆلێکی گەورەی لە بلاوبوونەوەی زمانی نووسراودا بیینی . هەروەك هەندێك دەڵێین کەچاپ گەورەترین شۆڕشە لەجیهانی زماندا کەبەر لەسەردەی بیست بەرپا بوو . ئێستەش ئێمە هەست بەگەورەترین شۆڕشێکی هونەری زانست دەکەین کە لەباس‌کردن بەدەرەو دەسکەوتەکانی پێشووی مرۆڤایەتی بە بەشێکی زۆر بچووك دەژمێردرێت لەم دەسکەوتە تازەیە . (ئەو هۆیە تازانەی کەبۆپەیوەندی) بە کاردێت ، هەر لە تەلەفون‌و بێ‌تەل‌و رادیۆو تەلەفیزۆن‌و سینەماو رۆژنامەو وشەی چاپکراوەوە ، وەهەر لەو هۆیانەی

کەدەبنە هۆی خەزن کردنی یان (گل دانەوە)ی زانیاری وەك کۆمپیوتەرو ئامرازی وێنەگرتن‌و ... هتد . ئەمانە تێکڕا ، ڕۆڵێکی وەها گرنگیان دابەووشە کە هیچ مرۆڤێك وە لەهیچ کۆمەڵێکی شارستانی‌دا ، نەتوانیت دەس بەرداری ببێت‌و لە هەموو هۆیەکی دیکە کاریگەرترو بایەخدار تربێت ، بەشێوەیەك ، کەلەوانەیە هەموو بیرکردنەوەو بڕواو تێگەیشتنمان بەرهەمی ئەو هۆیانە بێت . لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە ڕاگەیاندن (ئاشکرا کردنەو پڕپاگەندە)(٢) بە نموونە بهێنینەوە ، هەتا هێزو کاریگەری ئەم هۆیانە بزانین . هەروەك ئاشکرایە کەرادیۆ بووە هۆی ئەوەی کە جیهانی دەرەوە بگەیەنێت بە هەموو ماڵێك. دوا بەدوای ئەویش تەلەفیزۆن هاتە کایەوەو دەنگ‌و وێنەی لە هەموو قوژبن‌و لایەکی سەرزەویدا بە مرۆڤ گەیاند ، بێ ئەوەی کە خوێندەواری‌و نەخوێندەواری گوێگر یان بینەر ڕۆلێکی ئەوتۆ ببینێت ، سەبارەت بە گوێ‌گرتن یان بینین .

هەموومان ، ئەوە دێتەوە یادمان کە چۆن مرۆڤ پێی نایە سەر ڕووی مانگ‌و باسی ئەو شتانەیان دەکرد کە بەچاوی خۆیان دیویانە ، هەروەها دەزانین کەچۆن بارودۆخ‌و دیاردەی سەر مانگ ، بەهۆی ئامێرو جیهازەکانەوە ، پێمان ڕاگەیەنرا ، کە تا ئێستاش بەردەوام ، زانیاری چەند کەوکەبێکی دیکەمان پێ دەگات ، کە زۆر دوورن‌و بەهۆی ئەو جیهازانەوە . ئەو زانیاریانە دەبنە زمان‌و هەندێکی ، مرۆڤی ئاسایی لێی تێ دەگات‌و هەندێکی تەنیا پسپۆڕان لێی تێ دەگەن .

ئێستە هیچ وڵاتێك ، وەهیچ گەلێك ناتوانێت ، دوورو گۆشەنشین بژی لە وڵاتانی دی یان لەگەلانی دی کە لەسەر ڕووی زەمینن . جا ئەمە بەهۆی بەرژەوەندی تێکەڵەوە بێت یان بەیارمەتی هۆیە خێراکانی گواستنەوە بێت کە دەبینین هەستی پێ دەکەین . بۆ نموونە ، هەر ئەوەندە ڕووداوێکی گرنگ ڕوودەدات ، لە ماوەیەکی کەمدا ، بەهەموو جیهان دەگات‌و هەندێ جار دەبێتە هۆی جۆرەها ڕووداوی تری وەك تێکچوونی فەرمانڕەوای‌و هەڵگیرسانی شەڕوشۆڕو کوشتاری گەورە ، یان دەبێتە هۆی یارمەتیدان‌و هاوکاری کردن لەگەڵ وڵاتێکدا کە کارەساتێکی لێ ڕووداوە ، چەندەها هەواڵ بڵاو بۆتەوە لە مەیدانی زانست‌و وەرزش‌و سیاسەت‌و ئابووریدا ، کە جۆرەها کاردانەوەو ئەنجامی چاك یان خراپی هەبووە ، بێ بەپێی چۆنیەتی هەواڵەکە .

جگە لەمانەش ، دەبینین هەر بەهۆی وشەوە ، لەم سەدەیەدا چەندەها کۆنگرەو کۆبوونەوەی ناوخۆو جیهانی‌و ڕێکخراوی نێوان وڵاتان بوونەتە دیاردەیەکی هەست پێ‌کراو ، بۆ نموونە ئاسایش‌و دەستەی نەتەوە یەك گرتووەکان ، کە ئەمانە ، تەنها بەهۆی وشەوە دەتوانن لەیەکتری بگەن . جگە لەوەی کە وشە بووەتە هۆی لەیەك تێ‌گەیشتن لەنێو گەلان‌و فەرمانڕەوایەکاندا .

ئێمە نامانەوێت پتر لەم باسەبلوێین ، چونکە مەسەلەی ڕۆڵی وشە یان زمان لەژیانی گەلێکدا یان چەند گەلێکدا شتێکی ئاشکراو ڕوونە ، بەڵام لەزمانی یەکێك لە لێکۆڵەرانەوە دەڵێین بەهۆی (لێنەگەیشتن) واتە تێنەگەیشتنی زمانەوە ، بۆمبایەکی ئەتۆمی لە شەشی‌ئابی ١٩٤٥دا ، درا بە شاری هیرۆشیمادا لە ژاپون چونکە وەك دەگێڕنەوە ، گوایە ئەمەریکا ، ژاپۆنی ئینزار کردووە بۆ شەڕوەستاندن‌و خۆبە دەستەوەدان (بەزمانی خۆیان) بەڵام ژاپۆن بەشێوەیەك وەڵامی داوەتەوە کە گوایە ئەوان لە چۆنیەتی ئینزارەکە (دەکۆڵنەوە) بەڵام وەرگێڕەکە بەشێوەیەکی کە ئەم وشەیەی وەرگێڕاوە کە مانای ئەوە دەبەخشێت کە ژاپۆنیەکان ئینزارەکەیان بەرپەرچ داوەتەوە) ، ئەوە بوو ، بەهۆی ئەم خراپی تێگەیشتنەوە سەدەها هەزارکەس بوون بەقوربانی .

ئەمجا ئەم شتە ڕاستبێت یان (دروست کراو) گرنگ ئەوەیە بەهۆی هەڵەیەکی زمانەوانیەوە یان بەهۆی وشەیەکەوە کەمانایەکی دیکەی بەخشیوە لەفەرهەنگدا ، چەندە ڕووداوی تر ، ڕوویداوە ئەگەر لەم ئاستەش نزم‌تر بووبن ، بەڵام هەربەڵگەی ڕۆڵی وشەو زمانن .

ماوپەلی

(١) بەرەو پیرەوە چوون بەواتای (استجابەی) عەرەبی
(٢) ئاشکرا کردن = بەرامبەر (اعلان)